مافە لەسەر هەموو مسوڵمانێک جارێک خۆی بشوات لە هەموو حەوت ڕۆژێکدا ؛ کە سەر ولاشەی تێدا دەشوات

لە ئەبی هورەیرەوە کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «مافە لەسەر هەموو مسوڵمانێک جارێک خۆی بشوات لە هەموو حەوت ڕۆژێکدا ؛ کە سەر ولاشەی تێدا دەشوات».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە ماف وئەرکە لەسەر هەموو مسوڵمانێکی باڵغ وئاقڵ ؛ یەك جار خۆی بشوات لەهەموو حەوت ڕۆژێکدا، لەم ڕۆژەدا سەر ولاشەی دەشوات بۆئەوەی پاك بێتەوە، وەڕۆژی هەینی باشترین ڕۆژە بۆ خۆشۆردن ؛ بەپێی تێگەیشتن لەفەرموودەکان، وخۆشۆردن لەڕۆژی هەینی لەپێش ئەنجامدانی نوێژەکە ؛ سونەتێکە جەختی لەسەر کراوەتەوە، ئەگەرچیش لەڕۆژی پێنج شەمەدا خۆی شۆردبێت، وخۆشۆردن بۆ ڕۆژی هەینی واجب نییە بەپێی ئەم بەڵگەیە ؛ عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: (كان الناسُ مَهَنَةَ أنفسهم، وكانوا إذا راحوا إلى الجمعة راحوا في هيئتهم: فقيل لهم: لو اغتسلتم) [رواه البخاري] واتە: (خەڵکی ئیشیان دەکرد، وئەگەر بڕۆیشتنایە بۆ نوێژی هەینی ؛ لەسەر هەمان حاڵەت دەڕۆیشتن، پێیان ووترا: ئەگەر خۆتان بشۆردایە -باشتر بوو-)، ولەگێڕانەوەیەکدا: (بۆنیان دەهات) واتا بۆنی ئارەق ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پێیان ووترا: (ئەگەر خۆتان بشۆردایە -باشتر بوو-)، بۆیە ئەمە جێبەجێ دەبێت بەسەر خەڵکی تر ؛ ئەگەر هۆیەکی بەهێزتر هەبێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65084